کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-6-2007 15:09 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**تەوەرێک لە سەر ڕەشە کوژی ژنان لە کوردستان:** کوردستان نێت وەک کەناڵێکی ڕاگەیاندنی ئەلەکترۆنی نەتەوەیی، وێڕای شەرمەزارکردنی دیاردەی ڕەشەکوژی ژنان و پەرەسەندنی توندوتیژی بەپاساوی شەرەف و ناموس، لە کوردستان، تەوەرێک دەکاتەوە بۆ لێکۆڵینەوە و گەیاندنی بیروبۆچوونەکانی نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد سەبارەت بەم دیاردەیە بە یەکتری و بە بڕیاربەدەستانی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم چەند پرسیارانە ئاراستەی ئێوەی هێژا دەکاتەوە و هیواداریین وەڵامەکان خزمەت بەو ئامانجە پیرۆز و مرۆڤایەتییە بکەن کە پێویستە هەر یەکێک لە ئێمە خۆی بە بەرپرسیار بزانێت بەرامبەری، ئەویش ڕووبوونەوەی توندوتیژییە بە شێوەیەکی گشتی و بەرامبەر بە مێینە بە شێوەیەکی تایبەتی. پرسیارەکان ئەمانەن:

1. لەنێو ساڵی 2006 -2007 دا توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە کوردستاندا بە شێوەیەکی ترسناک پەرەی سەند و بە بڵاوبوونەوەی فیلمی کوشتنی دوعای حەڤدە ساڵ بە بلۆک لە لایەن سەدان کەس و بە شێوەیەکی ئاشکرا، دنیاش لەو توندوتیژییە ئاگادار بووەوە و هەڵوێستی نواند. دوای ئەوەش چەندان تاوانی دیکە بەرامبەر بە ئافرەتان لە کوردستاندا ئاشکرا بوو، بە ڕای تۆ هۆی پەرەسەندنی ڕەشەکوژی ژنان لەو ماوەیەدا چییە؟
2. لە کوردستاندا زیاتر لە 500 ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، هەموو حیزبەکان ڕێکخراوی تایبەتیان هەیە بۆ ژنان و ئافرەتان، حکومەت وەزارەتی کاروباری ژنانی هەیە، پەرلەمان لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتی هەیە، وەزارەتی مافی مرۆڤ هەیە، وەزارەتی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە. بە ڕای تۆ هەموو ئەمانە بۆ نەیانیوە ببنە دەربڕ و داکۆکیکەری ژنانی کوردستان لەو ستەمانەی کە ڕووبەڕوویان دەکرێتەوە؟ بۆ هەموو ئەم ئۆرگانانە نەیانتوانیوە یەکدەنگییەکیان هەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی ڕەشەکوژی ژنان؟
3. نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد، بە تایبەتی پیاوەکان بۆچی وەک پێویست بە تەنگەوە نەهاتوون و دەنگیان هەڵنەبڕیوە بەرامبەر بەو تاوانانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە؟ ئایا هەڵوێستوەرگرتنێکی جیدی و کاریگەر بەرامبەر بە پرسێکی وا خەتەرناک ئەرکی ئەوان نییە؟
4. پێشنیاری چی دەکەیت بۆ حکومەت و دامودەزگاکانی؟ چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە بنبڕ بکرێت؟

هەموو کەس دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، بە خاڵی کۆنکرێت پێشنیارەکانی خۆت خۆت بنووسە. بە فایلی WORD بۆمان بنێرە، ئەگەر وێنەی خۆشتی لەگەڵدا بێت باشترە، ئێمە ڕۆژانە وەڵامەکانتان بڵاودەکەینەوە.

لەگەڵ سوپاسمان
عومەر فارس عەزیز
بەرپرسی کوردستان نێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.